# پیرەمێرد و پرۆلیتاریا

حەمەسەعید حەسەن

هاورێ کەریم ئەحمەد ببوورە، دەبوو زووتر بەسەرت بکەمەوە، لێ لەبەر هەڤاڵ مام جەلالی قوتابیت، نەمدەپەرژایە سەر خۆت. دەڵێیت: (**رەنگە** ئابووری ئەورووپا لە هی ئەمریکاش بەهێزتر بێ.)(١)

تۆ کە سکرتێری حیزبێکی شیوعیت، دەبوو پشت بە ئاماری باوەرپێکراو ببەستیت، نەک بە **رەنگە**. ئاخر ئەمریکا ئەگەرچی لە 3,6%ی دانیشتووانی دنیا پێک دەهێنێت، لێ خاوەنی لە 50%ی سامانی جیهانە.(٢) بە داخەوە ئابووریی ئەو تاقە ولاتە هێندە لە هی هەموو ولاتانی ئەورووپا بەهێزترە، تا ئەو ئاستەی دەتوانین ئەم سەردەمە، بە سەردەمی ئەمریکاییبوون، یان دۆلارگیری نێوزەد بکەین.

دەڵێیت: (هێشتا پرۆلیتاریای کوردستان نەخوڵقاوە. سەرمایەدارێتی کوردی هیچی نییە، لەبەر ئەوە کرێکاریش نییە. چۆن دەتوانین دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنین، کە هێشتا پرۆلیتاریا پەیدا نەبووە؟)(٣)

www.kurdistannet.org 9-9-2002

بە پێی تێگەییشتنی من لە مارکسیزم، حیزبێکی کۆمۆنیست، دەبێت نوێنەری چینی پرۆلیتاریا و هەڵگری ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاریا بێت. پێویستە بڕوای بە شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا هەبێت. جا کە کوردستان کرێکاری لێ نییە، جا کە هێشتا پرۆلیتاریا لە دایک نەبووە، پێم ناڵێی ئێوە بە چییەوە خەریکن؟ نوێنەری کام چینن؟ ئەدی بۆچی ناوی شیوعیتان دوای خۆتان خستووە؟ ئەدی بۆچی چەکوش و داستان بڵند کردووەتەوە؟ دەزانیت بەم قسەیەت، سووکایەتیت بە خەباتی هەموو کۆمۆنیستەکانی کوردستان کردووە و دزێوترین جنێوت بە رووباری خوێنی هەموو خۆبەختکردووانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کوردستان داوە؟

دەزانم ئینسان کە بە قووڵایی سالاندا رۆ چوو، تەنیا هەر لەشی نا، ئاوەزیشی دەشێوێت، ئەگەرنا کورتەمێژوویەکی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کوردم، هەر لە مانگرتنەکەی ١٩٤٦ی گاوورباغییەوە، تا شووراکانی سەروەختی راپەرینی ئاداری ١٩٩١ بۆ دەگێڕایتەوە و ناوی کارگەکانی کوردستانیشم وەبیر دەهێنایتەوە. دڵنیام باڵەکانی نێو حشک، لەمێژە ئومێدیان پێت نەماوە و لە بێ ئەسپییە زینیان کردووی. کە ئەوان لەسەر دەست نیشانکردنی هاورێیەک لە جێی تۆی دابنێن، رێک ناکەون، دەم خۆش کە زوو زوو دەردیان دەدەیتێ.

2002. 09. 09

(١) هەڤپەیڤین لەگەڵ کەریم ئەحمەد، ئاکۆ محەمەد، میدیا، ژمارە (١٢٨) رۆژی ٢٠٠٢/٨/١ ل ٧ هەولێر.

(2) John Berger, Hiroshima 1954 New York 2001, Aftonbladet/ kultur, 2002/09/01

(٣) سەرچاوەی یەکەم.